## ڕووبارەکان

بەرزاییەکان و چیاکانی کوردستان کە بارینی باران و بەفری زۆرە، وەک سەرچاوەی رووبارەکانی نزیک خۆی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێکن لە سەرچاوەکانی دیجلە و فورات و ژمارەیەکی زۆر رووبارە بچووکەکان وەک خابوور، ئاراز، کەرخە و سفیدڕوود. ئەو رووبارانەی کە گرنگیی مێژوویيان هەیە بۆ کوردان، ئاراز، خابوور، زابی گەورە، سیروان، جەغەتوو ، زەهاو. ئەم رووبارانە کە لە بەرزایی سێ تا چوار هەزار مەتر بەرزتر لە ئاستی دەریادان، وەک سەرچاوەی ئاو و سەرچاوەی وەرگرتنی ئەنەرژی بەکاردێن بە دانانی ئاوبەن و توربابین؛ عیراق و سوریا لە زۆربەی رووبارە سەرەکییەکان ئەوەیان کردووە و تورکیا بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەوەی کردووە.

## زێ و دەریاچەکان

کوردستان هەتا دەریاچەی ورمێ لە ئێراندا، لە رۆژهەڵاتەوە درێژەی هەیە و لە لای رۆژئاواوە ناوچە نیوەکوردنشینەکان تا قەراغی مەدیتەرانە درێژەی هەیە.دەریاچەی وان لە کوردستاندا گەورەترین دەریاچەی ناو تورکیایە و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها دەریاچەی ورمێ لە وان گەورەترە؛ ئەم گەورەتربوونە هەڵبەت تەنها لە بواری رووبەردایە و لە قووڵبوونی ئاو، وان لە ئاستی بەرزتردایە. دەریاچەی ورمێ، وان، دەریاچەی زرێبار (ڕۆژئاوای شاری مەریوان لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان و دەریاچەی دووکان نزیکی شاری سلێمانی، ئەو شوێنانە بوونەتە شوێنی گەشتیاری و ساڵانە بە هەزاران گەشتیار سەردانیان دەکەن.